# ئەزمونی شیعریی ا. ب. هەوری لە ئەدەبی کوردیدا

**موحەمەد ئەمین عەبدوڵا[1] - دیمەن موحەمەد ساڵح[2]**

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردەو زمان، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

وەک ئاشکرایە لەناو ئەدەبی کوردیدا زۆر شاعیر هەن دیارن و ناوبانگیان سنوری وڵاتی بڕیوەو ئاشنایەتی لای خەڵکی بێگانەش پەیداکردوە، هەندێکیشیان بە هەر هۆکارێک بێت نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستە باڵایە. بۆیە ئاوڕدانەوە لەم جۆرەی دوەم و بایەخدان بەو بەرهەمانەی خستویانەتە بەردەستمان، بە ئەرکیکی زانستیانە دەزانین، چونکە بەرهەمەکانیان سامانێکی بەنرخی ڕۆشنبیریی کوردین و پێویستە پارێزگارییان لێبکرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بەناونیشانی (ئەزمونی شیعریی ا. ب. هەوری لە ئەدەبی کوردیدا) ئەنجامداوە، کە هەڵێنجراوی نامەی ماستەرەکەمانەو تیایدا تیشکمان خستۆتە سەر ژیان و ئەزمون و بەرهەمی ئەم شاعیرە، هەروەها لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆ شیعر، چونکە ئەو پێیوایە ناوەڕۆک لە شیعردا گرنگترە لە ڕوخسار. ئەمەش هەمان ئەو بۆچونەیە، کە بەشێک لە شاعیرانی نوێخواز دەربارەی شیعر هەیانبوە. هەروەها باسمان لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی کردوە و لە ڕێگەی شیعر و نوسینەکانییەوە هەڵوێستیمان بەرانبەر ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی پیشانداوە. پاشان تیشکمان خستۆتە سەر قۆناغی ئەدەبی و ڕوناکبیری سەردەمەکەی و ئەو قۆناغانەی خوێندن، کە هەوری پیایاندا تێپەڕیوەو دواتریش خۆی وەکو مامۆستایەک هەمیشە لە هەوڵی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ڕۆڵەی ئەم وڵاتەدا بوە.

**کلیلە وشەکان:** هەوری، شاعیر، شیعر، خوێندن، ئەزمون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

**Article Info:**
**DOI:** **10.26750/Vol(10).No(2).Paper29**
**Received:** 04-July-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Mohammed.ameen@univsul.edu.iq
diman.muhammed@charmouniversity.org
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

هەوری یەكێكە لەو شاعیرانەی لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستدا ژیاوەو خاوەنی بەرهەمی شیعری و پەخشانیشە. ئەم شاعیرە جگە لەوەی لە ڕێگەی نوسینی بەرهەمە ئەدەبییەكانییەوە ڕۆڵی هۆشیاری پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسی بینیوە، لەهەمان كاتدا بەشێوەی كرداریش وەك مرۆڤێكی كاریگەر ڕۆڵی لە بەرەو پێشبردنی كایە پەروەردەیی و سیاسییەكانی كۆمەڵگەكەیدا بینیوە، بەڵام تا ئەمڕۆ جگە لە چەند وتارێكی كورت و چەند لاپەڕەیەكی كەم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا، هیچ كتێبێك یاخود نامەیەكی ئەكادیمی لەسەر ئەم شاعیرو نوسەرە نەنوسراوە. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیەمان لەژێر ناونیشانی (ئەزمونی شیعری ا.ب. هەوری لە ئەدەبی كوردیدا) تایبەت بكەین بەم شاعیرە.

## ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:

ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئاوڕدانەوەیە لە ئەزمونی شیعر و بەرهەمەكانی شاعیر و پیشاندانی هەڵوێست و بۆچونەكانی سەبارەت بە بارودۆخی سەردەمەكەی خۆی.

## ڕێبازی لیكۆڵینەوەكە:

ئەو ڕێبازەی لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەكارهاتوە ڕێبازی (وەسفی شیكاری)یە. باسمان لەهەر لایەنێكی ژیان و سەردەمەكەی كردبێت، بە نمونەی بەرهەمێكی بابەتەكەمان دەوڵەمەندكردوە.

## گرنگی لێكۆڵینەوكە:

گرنگی لێكۆڵینەوەكەمان لەوەدایە دەبێتە یەكەمین نامەی ئەكادیمی، كە لەسەر شاعیرو نوسەر (ا.ب.هەوری) ئەنجام دەدرێت. بۆیە بەپێویستمانزانی تیشك بخەینە سەر ژیان و بەرهەمەكانی. بۆ ئەوەی لە داهاتودا لەلایەن قوتابییان و توێژەرانی زمان و ئەدەبی كوردییەوە سودی لێ ببینرێت.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتوە لە تەوەری یەکەمدا باس لە ژیانی شاعیر کراوە و دید و بۆچونی دەربارەی شیعر خراوەتەڕو. هەرچی تەوەری دوەمە باسمان لە ڕۆڵی هەوری لە باودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەیدا کردوە، کە چۆن هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەو ڕوداوانە بە شیعر دەربڕیوە. لە تەوەری سێهەمیشدا پێگەو ڕۆڵی هەوری لەبواری ڕوناکبیری و ئەدەبی سەردەمەکەیدا باسکراوە. پاشان ئەنجام و لیستی سەرچاوەو پوختە بەهەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## تەوەری یەکەم: ژیانی أ.ب.هەوری و دید و ڕوانینی بۆ شیعر

أ.ب. هەوری ناوی تەواوی ئەبوبەکر کوڕی شـێخ جەلالی (موفتی شـارباژێڕە لە زەمانی عوسـمانیدا) کوڕی شـێخ تەها، کوڕی شـێخ سـەلام (قازی شـارباژێڕ) کوڕی شـێخ فازڵ، کوڕی شـێخ نزامەدینە (عەبدوڵا ٢٠٢١، ٧٩٨٩). سەبارەت بە ساڵی لە دایکبونی هەوری، خۆی لە یەکێک لە نوسینەکانیدا ئاماژەی پێداوەو دەڵێت: "بەپێی دەفتەری نفوس سـاڵی ١٩١٥ لە گوندی سـیتەک لەدایک بوم بەڵام ڕاسـتییەکەی (هەرچەندە نازانم کام سـاڵە) پێش ئەو بەرواره لە گوندی چناره لە دایکبوم" (هەوری ٢٠٠٢، ٩). دایکی ناوی فاتیمەی کچی شێخ ئەحمەدی قازی (مەحمود پاشـای جاف)ەو خەڵکی ئاوایی عازەبانی بەرانبەر گوندی چنارەیە. هۆزی دایکیشـی سـەیدن و دەچنەوە سـەر سەیدەکانی نەهری و کۆنە پۆشیشیان پێدەڵێن.

هەوری پێش ئەوەی ماڵیان بچێتە سلێمانی، باوکی لەسەر شێوەی کۆن جاروبار دەرسی قورئانی پیرۆزی پێوتوە. لەساڵی ١٩٢٥ دەچنە سلێمانی، بۆ ساڵی دواتر واتە ساڵی ١٩٢٦ کاتێک قوتابخانەی (زانستی) شەوان دادەمەزرێ، چۆتە قوتابخانەی ناوبراو. بۆ سـاڵی دواتر دەچێتە قوتابخانەی سـەرەتایی، لە پاشـانیش بۆ قوتابخانەی ناوەندی و لە سـاڵی ١٩٣٥ چۆتە خانەی مامۆسـتایانی سـلێمانی (دار المعلمین الابتدائیه) لە بەغدادو سـاڵی ١٩٣٨ بوە بە مامۆسـتا لە قوتابخانەی هەڵەبجە، بۆ سـاڵی ١٩٣٩ بوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئەیوبیە) و لەوێوە بۆ قوتابخانەی (فەیصەڵیە)، کە هەردوکیان لە ناو شاری سولەیمانیدا بون، پاش ئەوە گوێزراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی سـورداش. ئینجا لە سـاڵی ١٩٤٥ گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی سـەرەتایی (خەزنەدار ٢٠٠٦، ٢٢٩). "لەساڵی ١٩٤٩ بوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کانی ئاسکان)ی سەرەتایی لەناو شاری سلێمانی تاساڵی ١٩٦٩ کە خانەنشینکراوە" (هەوری ٢٠٠٢، ٩)

هەوری لە ساڵی (١٩٣٧) ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، منداڵی نەبوەو لەگەڵ (شەفیقە میرزا غەفور)ی خێزانی دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٧٩کۆچی دوایی دەکات. هەوری خاوەنی حەوت برایە بە ناوەکانی (نیزامەدین، نەجمەدین، نوری، مەجید، طه، احمد، صەلاحەدین)، بەڵام خوشکیان نەبوە (ژیر ٢٠٢٢) لە ساڵی ١٩٤٣ برایەکی لە شاری موسڵ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

بەدەستێکی نادیار دەکوژریت، هەوریش بە پارچە شیعرێک بۆ برا جوانە مەرگەکەی فرمێسکی خوێنین هەڵدەڕێژێت و دەڵێت:

مەرهەم لە پەڕەی جەرگی جنراوم
بـــــــۆ برینەکەی برای کوژراوم
ئەژنۆ ئــەدەمە بەر سەری ماندوو
هەرچاوم لێی بێ وەرنەگەێرم ڕوو
خوێناوی جەرگی هەردوو لەشوێنی
بگاتە لای خـــــــواو تۆڵەی بسێنێ (هەوری ١٩٥٦، ٦٦)

شاعیر لەناو کایەی ئەدەبیدا بێجگە لە نوسینی شیعر، لەمەیدانی نوسینی پەخشان و چیرۆک و شانۆنامەدا دەستی باڵای هەبوەو توانیویەتی بە چەند بابەتێکی بە پێز و گرنگ لەناو ئەدەبی کوردیدا جێگەو پێگەیەکی فراوان داگیربکات و ناو و ناوبانگێکی بەرزی هەبیت. هەوری وەکو هەمو شاعیرەکانی نێو ئەدەبی کوردی توانیویەتی لە هەمو مەبەست و ناوەڕۆکەکانی شیعر، کە هەندێکیان ڕەنگدانەوەی ژیانی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی خودی خۆین، شیعر بنوسێت. هەروەها شاعیر لەگەڵ هەڵگرانی مەشخەڵی شۆڕشی شیعری نوێی کوردی وەک هەوادارێکی تازەگەری شیعری نوسیوە و توانیویەتی هەوڵی نوێبونەوە بدات و بەرگی نوێگەری بەبەر شیعرو بەرهەمەکانی خۆیدا بکات.

شیعر زۆربەی دیوانەکەی داگیر کردوە، بۆ زۆربەی ناوەڕۆکە شیعرییەکان شیعری نوسیوەو پێیوایە شیعر "هونەرێکە لە هونەرەکانی وێژە. هەروەها هونەرێکیشە سەربەخۆو سنورکێشراو شێوەی ڕێبازی و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە جۆرە ئاخاوتنێکە لەسەر کێش و لەنگەرو دواییەو خاوەنی لەرەو نەواو ئاواز و مۆسیقادارو دڵگیر و گوزارە وردو مەعناقوڵی تازەداهێنراو، ئەگەر پێویست بو بگونجێت بە سرودو گۆرانی بوترێت گەرەک بەسۆز و تەوژمێکەوە بەرگوێی گوێگر بکەوێت بۆ ئەو مەبەست و سەبارەتانەی کە تێیدا هەیە، ئەو لە شاعیرەکە زیاتر بخاتە جموجۆڵ و جۆش و خرۆشەوە بە ڕەنگێک مەنجەڵی بیر و هەستی نزیکی هەڵچون ببێتە کەفوکوڵ" (هەوری ١٩٧٥، ٦). ئەم پێناسەیەی شاعیر گشتگیرە، زیاتر جەخت لەسەر کێش و سەروا دەکاتەوە، هەروەها پەیامی شیعر، کە هەوری جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەدروستی باسی دەکات، بەپێی سەردەم و گۆڕانکاری ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها لەبارەی سرودەوە، کە شاعیر بە شێوەیەکی گشتگیر باسیان دەکات بەبێ ئەوەی مەبەستی سرودەکان جیابکاتەوەو وشەو دەستەواژەکان دیاری بکات، بەڵکو بۆ توێژەرو ڕەخنەگری ئەدەبی بەجێدەهێڵێت. هەروەها باس لە شێوەی ڕێباز دەکات، دیارە مەبەستی ڕێبازە ئەدەبیەکانە بێ ئەوەی باس یاخود شیکاری بۆ ڕێبازی (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم...هتد) بکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

بەرهەمەکانی هەوری لەدوای هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی زانستی پۆلێنیان دەکەین و لە خانەی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا جیایان دەکەینەوە. شیعر وەک هونەرێکی باڵا چەندین پێناسە و وردەکاری و باسکردن هەڵدەگرێت، ناتوانرێت لەچەند دێڕێکدا وەکو شاعیر نوسیویەتی کورت بکرێتەوەو سنوردار بکرێت. لەم لێکۆڵینەوەدا دەرفەتی ئەوە نییە یەک بە یەکی ئەو خاڵانە بە دروست و کەم و کورتییەوە هەڵسەنگێنین، هەرچۆنێک بێت ڕێز لە بیروڕای دەگرین، کە لەو قۆناغەی شاعیری تێدا ژیاوە بەشێک لەو بۆچونانە باوبون. ناکرێ بەپێوانەو چێژو سەلیقەی ئەمڕۆ هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە بکرێ، دیارە دواتر بەپێی گۆڕانکاری سەردەم و بارودۆخی سیاسی، گۆڕانی بەسەردا هاتوە و لق و پۆپی زۆری لێبوەتەوە. بۆیە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە سەرچاوەی زۆر لە کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتونەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوەو سودی زۆریان بەئەدەبی کوردی گەیاندوە، کە لە ڕۆژانی خۆیاندا سەرچاوەی بەپێز و تۆکمە بون بۆ فراوانکردنی ئاسۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەی شاعیر و نوسەران.

زۆربەی شیعر و نوسینەکانی هەوری زادەی ئەو بارودۆخەیە، کەتێیدا ژیاوەو کاری لە هزر و خەیاڵ و ئەندێشەی کردوە و بەرهەمەکانی پێ هۆنیوەتەوە. ئەمە بێجگە لە کاریگەری خانەوادەکەی، کە زۆربەیان لە دامەزراوەکانی حکومەتدا ڕۆشنبیر و کاربەدەست بون. هەروەها (شێخ سەلام)ی خاڵی شاعیرێکی بەتواناو بە ئەزمون بوەو دور و نزیک کاریگەریی لەسەر هەوری دروست کردوە. هەمو ئەمانە ڕیگەیان بۆ شاعیر ئاسانکردوە زیاتر خۆی دەربخات و بێجگە لە شیعر لە نوسینی پەخشان و وتار و چیرۆکی شانۆییدا تواناکانی بخاتە کار.

## تەوەری دوەم : ڕۆڵی هەوری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا:

ئەگەر سەیری مێژوی ژیانی هەوری بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی زۆر ڕوداوی مێژویی و سیاسی ڕویانداوەو شاعیریش توانیویەتی قەڵەمەکەی وەک کامێرایەک بۆ وێنەگرتنی ئەو ڕوداوانە بەکاربهێنێت. هەوری لە ساڵی (١٩٣٠)، کە سەرەتای لاوێتی و دڵگەرمییەتی، خۆشەویستیی نیشتیمان و قوڵپەی نیشتیمانپەروەری و جۆشی دڵی بۆ کوردستان، بونە هەوێنی چەندان پارچە شیعر، کە ناوی هەوریان زیاتر بەرزکردەوە. هەوری یەکێک بوە لە بەشداربوانی ڕاپەرینەکەی (٦)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠، کە بە ڕاپەڕینی (بەردەرکی سەرا) ناسراوە. (کامیل ژیر) ی نوسەرو شاعیر وەک برازایەکی ( هەوری )بۆمان باس دەکات و دەگێڕێتەوە، کە ئەورۆژە واتە شەشی ئەیلولی (١٩٣٠)، شپرزەییەکی زۆری بۆ بنەماڵەکەی ئێمە و باوک و دایکم دروست کردبو، چونکە دوای ئەو تەقەو کوشتارە، هەوری نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەمان، تا درەنگانی شەو گەلێ شوێنی بۆ گەڕاوین وایان زانیوە بریندارە یان کوژراوە، بەڵام خۆشبەختانە شەوی دواتر (أ.ب.هەوری) دەگەڕێتەوە ماڵەوە. (ژیر ٢٠٢٢)

بێجگە لەمەش لەساڵی (١٩٤٨)ی زاینیدا لە هەمو عێراق بە گشتی و لە بەغدادی پایتەخت بە تایبەتی، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چەند جوڵانەوەیەکی نیشتیمانی و دڵسۆزانەی سودبەخش بۆ گەل و وڵات لە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان دژی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەر دەستیپێکرد، کە بە یاریدەی نۆکەرەکانی جێبەجێی دەکردن. هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

بۆیە هەوریش بەهەمو توانایەوە لە هەمو جێگەو کات و بوارێکدا کەوتە بەربەرەکانێ و هەوڵی دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرو نۆکەرەکانیشی دەدا، هەر ئەم هەڵوێستەشی وایلێکردبو چەندین جار زیندانی کراوە. (هەوری ١٩٧٨، ٣)

وەک ئاشکرایە جەنگی دوەمی جیهانی، کە وەک مۆتەکە یەخەی هەمو وڵاتانی گرتبو، هەمو هیواو ئاواتی خەڵکی کۆتایی هاتنی ئەم جەنگە بو، کە ببوە مایەی ماڵوێرانی و کاولکاری و برسێتی و هەژاری لە سەرانسەری جیهاندا. لە کۆتایی جەنگەکەدا بەپێی ئاماری توێژەران و پسپۆڕان "ژمارەی کوژراوان گەیشتە هەشتاو پێنج ملیۆن کەس کە لە هەندێ سەرچاوە ژمارەی کە دەگۆڕێت" (لاوند ٢٠١٠، ٤١٩)، هەربۆیە لە هەمو وڵاتان کاتێ دوای نزیکەی شەش ساڵ لە کوشتار، جەنگ ڕاگیراو ترس و بیمی خەڵکی بۆ جەنگ نەما، دەست کرا بە ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین. بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەم جەنگەوە بە هەمان شێوەی گەلانیش لە بەردەرکی سەرای سلێمانی هەڵپەرکێ و زەماوەند سازدەکرێت و خەڵکی بە جۆش و خرۆشەوە ئاهەنگی نەمانی جەنگ دەگێڕن. هەر لەو ڕۆژەشدا هەوری بە پارچە شیعری (ئەی کورد) بەشداری ئەم ئاهەنگە دەکات و دەڵێت :-

خۆت هەڵتەکێنە ڕەنگینە کۆڵت
کوا؟ لەدوور خۆشە دەنگی دەهۆڵت
پێت بڵێم کوردە تاکەی زەبوونی
تاکەی ئەسیری تاکو کەی دوونی
تاکەی گیرۆدەی بوون و نەبوونی
تاکەی گرفتار دەستی گەردوونی
تا خاکفرۆش بێ ڕۆڵەی زۆڵت
تا لەگەڵ یەکدا وێنەی ئاگر و نەوت
تا وەتەن بەدرۆ ویردی زمان بێ
بۆ دەعیەو فییز و بۆ خۆبادان بێ (هەوری ٢٠٠٢، ٧٤)

هەوری نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەی، وەک هەمو ئەو ڕۆشنبیر و شاعیر و کوردپەروەرانەی کوردستان، کە ئومێدی تەواویان لەسەر شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨) هەڵچنی بو، ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی شۆڕش بەهیوای ئەوەی لەسایەی شۆڕشدا کورد بە مافە ڕامیارییەکانی شادبێت، چونکە بۆ یەکەمجار بو لە مێژوی هاوچەرخی عێراقدا لە دەستوری کاتیدا کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی، کە هاوبەشە لەگەڵ میللەتی عەرەب ناسێنرا. ئەمە وایکرد شاعیران و نوسەرانی کورد دەیان پارچە شیعر و چەندان وتار بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕشدا بڵێن و بەرگری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش بکەن. بۆ وێنە نوسەرێک لە باسی ئەم شۆڕشەدا دەڵێت "شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ وەک چۆن بە تێکرایی بەرژەوەندی ئستیعماری لەڕۆژهەڵاتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

ناوەڕاستدا تاڕادەیەکی زۆر خستە مەترسییەوە، هەروەها ڕێگەشی بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوناکتر کردەوە بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریا" (کەریم ١٩٦٠). هەوریش بە شیعری (پەیکەری شۆڕش) بەشداری ئەم بۆنە مێژووییە دەکات و دەڵێت:

لە چەپکێ گوڵی سوری بەهاران
هەوارگەی دەشت و مەڵبەندی یاران
تێر ئاوی خوێن بێ لە جێگەی باران
بنووسن شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ
شۆڕش بە بیری پوختی والابێژ
شۆڕش بۆ مافی گەلی بەش خوراو (هەوری ١٩٥٩، ١٠)

هەوری لەکاتە هەستیارەکاندا هەمیشە خاوەنی هەڵوێست بوە و دەنگی لە پاڵ دەنگی نەتەوەکەیدا بوە و بە هەمو جۆرێک بەرهەڵستی داگیرکەران و نۆکەرانی بێگانەی کردوە، کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بون کورد ژێردەستە بێت و خاکەکەشی داگیر بکەن. ساڵی (١٩٥٩) کاتێک ئێران بە سەرۆکایەتی (موحەمەد ڕەزا شای پەهلەوی)، کە ئەو کات سەرۆکی وڵات دەبێت، هێرشێکی زۆر نارەوای کردە سەر کوردەکان، هەوری بە پارچە شیعری (ئیمپریالیزم) دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو کوردانەو ئازایانە دێتە مەیدان و دەڵێت:-

ئیمپریالیزم با لە تاراندا
نەخشەی نەهێشتنی کورد لە ئێراندا
بکێشن خولیای ڕۆژو شەوی بێ
چڵەی چڵکاوی ئەم و ئەوی بێ
با دوشمنانی کوردی خوار و ژوور
هۆزی نۆکەری ناوخۆو سەرسنور
یەکگرن هەموو بەکرێگیراوان
بۆ بەرهەڵستی کوردی بێتاوان (هەوری ١٩٦٠، ٢)

بەهەمان شێوەش لە بەهاری ساڵی (١٩٦٢) کاتێک هێرشی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ سەر سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و هەمو ناوچە کوردنشینەکان بە ڕەنگێکی دڕندانە دەستی پێکرد، کوشتن و بڕین، تاڵان و سوتانی باخ و خەرمان سوتاندن هەمو گۆشەیەکی گرتبوەوە، هەوری شاعیر بە (شیرین بەهارە) وەک یەکێک لەو شۆڕشگێڕانە شینی کوردایەتی لە ناخیدا دەبێتە هۆی لەدایکبونی تێکستێکی تەواو نەتەوەییانەو دەڵێت:

شیرین بەهارە بەهارە شیرین
بێ با پێکەوە بەیادی دێرین



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

دانیشین تەنیا تاوێک دوو بە دوو

دڵ بەرانبەر دڵ ڕوو بەرانبەر ڕوو

کێ؟دی لە نەورۆز دەمەو بەهارێ

لەجیاتی باران بۆمبا ببارێ

کێ؟ دیویە بەهار خونچەی کوێستان

بەر لە پشکوتن بەساروخ سوتان

کێ دیویە یانە، ئەشکەوتی کێو بێ

ماڵ و منداڵی بێکەس و خێو بێ (هەوری ٢٠٠٢، ١٥٥)

نەهامەتییەکانی گەلی کورد زۆرن و مێژو هەر ساڵێک و نەهامەتیەکی ئەم میللەتە خێر لە خۆ نەدیوە دەگێڕێتەوە، لە هاوینی (١٩٦٣) لاشەی کوردێکی کوژراوی قاچ و دەست سوتاویان هێنابو بۆ ئەتک لە بەردەرکی سەرای سلێمانی دایان نابو، خەڵکێکی زۆر بە چواردەوریدا ڕاوەستابون، هەندێکیان بە گاڵتەو قەشمەریەوە تەماشای تەرمە کوژراوەکەیان دەکرد و بەملاولای خۆیاندا دەیان ڕوانی، وەک بیانەوێ بە هەموان بڵێن ئەوان کوشتویانە. دیارە ئەمانەش ئەو بەرە نۆکەرەن، کە هەر ڕۆژەی بەناوێک دژی نەتەوەی کورد و خزمەتکاری بێگانەن. ئەم دیمەنە تراژیدییە کارێکی زۆر لە ناخی (أ. ب. هەوری) دەکات و بەم هەڵبەستە هەستی خۆی دەردەبڕێت:

ڕۆڵەی کەساسی قاچ و دەست سوتاو

لە ماڵی خۆتدا بە ناحەق کوژراو

بۆ ئەتکی کوردی بێکەسی داماو

ئەو کوردەی ئاهی بەرد ئەکا بە ئاو

لێرەدا بێناز ئاوا فڕێدراو (هەوری ٢٠٠٢، ١٥٨)

نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی پێناسەکراوە، ناسنامەیەکی تایبەتە بە نەتەوەی کورد و گەلێک نەتەوەی تر، ڕۆژی (بیست و یەکی مارت)ی هەمو ساڵێک ئەم جەژنە بە شکۆوە یاد دەکرێتەوە. لێرەوە کورد بەیەک دەنگ، دەنگی سەربەخۆیی و ئازادی هەڵدەبڕێت و بەگژ داگیرکەراندا دەچێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە داگیرکەرانی کوردستان لەم بۆنە نەتەوەییە دەسڵەمێنەوەو بە هەمو شێوەیەک هەوڵدەدەن قەدەغەی بکەن. شاعیرانی کورد وەک دەنگی زوڵاڵی نەتەوەکەیان، بەشداریی ئەم جەژنە نەتەوەییەیان کردووەو بە شیعرەکانیان تین و تاوی ئاگری نەورۆزیان جۆشداوە. هەوریش دەنگێکی دیارە لەناو شاعیرانی کورددا و لە نەورۆزەکاندا بە شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی بەشداری کردوە. هەمو ساڵێک لە یادی نەورۆزدا بە سرودێکی تازەوە ئەم یادە شکۆمەندەی دەکردەوە. لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە شیعرەکانی شاعیر بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوی تەکنیک و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

ناوەڕۆکەوە هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بون، واتە شـــیعرەکانی گوزارشـــتێکی ڕاســـتەقینەیان لە ژیانی ئاسایی خەڵک کردوە.

شـــاعیر ویســـتویەتی و مەبەســـتی بوە کۆمەلانی خەڵک وشـــیار بکاتەوەو داوای مافی زەوتکراویان بکەن، بۆیە بە زمانی ئەوان شـیعری وتوەو زمانحاڵی بەوەفای میللەتەکەی خۆی بوە، لە سـەنگەری میللەت خۆی جیانەکردۆتەوە و ڕوداوە ســـیاســـی و کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی لەناو دەقە شـــیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. نەورۆزی ساڵی (١٩٤٥) لە کارێزی وەستا شەریف و گردی مامەیارە لەبەردەم (میستەر ئەدمۆنز) و موتەسەرفی سلێمانیدا، کە (مەعروف چیاوک) بوە، هەوری لە زمانی قوتابییەکانەوە ئەم سرودەی بۆ جەژنی نەورۆز وتوە:

بەخێربێت ئێوەو نەورۆز و بەهار
دواڕۆژمان ئەوێت لە گەورەو سەردار
دواڕۆژێکی ڕوون گەشی ڕەونەقدار
شەوقی بهاوێ بۆ هەردەو و کۆسار
ئەمرۆ سبەیەک جەنگ دەبڕێتەوە
سوپای سەرکەوتوو ئەگەڕێتەوە
میللەتان حەقیان پێ ئەدرێتەوە
وریابن کە کورد بیرنەچێتەوە (هەوری ٢٠٠٢، ١٤٣)

هەروەها لە نەورۆزی ساڵی (١٩٥٨)دا هۆنراوەی (نەورۆزی نوێ) پێشکەش بە میللەتی کورد دەکات و دەڵێت:

وەتەن مژدە بێت لە شاخ و هەردە
لە دەشت و دۆڵ و چیای زەردە
لە کێڵگەو باخ و لە لالەزارت
لە ڕۆژی ڕوونی ڕوولەبەهارت
ئەوا نەورۆزەو ڕوولەبەهارە
بەڵگە بەخۆشی لەدوور دیارە
کرێوەو دەست و پەنجەی زۆردا
وا هەوای خۆشی لێ کەوتۆتە کار (هەوری ١٩٥٩، ١٢)

هەروەها شیعری (مژدەی نەورۆز)یش بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٥٩) نوسراوەو تیایدا دەڵێت:

وەتەن مژدەبێت لە هەردەو نزار
لەوشکە وەرد و مەڵبەندی جوتیار
لە جۆگەی ئاوی ئاودێری بەهار



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

له داماوانی لادێ و ناوشار
له چینی پێشڕەو چینی كرێكار
مژدەی نەورۆزی كوردانی هەژار
نوێ نەورۆزەكەی چواردەی گەلاوێژ
هێزی دوژمنی كە كرد سەرەو ژێر
بیری ئازادی خۆی كرد بە دەست نێژ
وەک قارەمانی ئازاو حەق بێژ
بەكوێری چاوی بەدی گێژ و وێژ
ئازادی كوردی پوخت كرد والا بێژ (هەوری ٢٠٠٢، ١٠٣)

نوسینی ئەو هەمو شیعرە بۆ نەورۆز لەلایەن هەورییەوە، دەرخەری ئەوەن شاعیرێكی نەتەوەیی بوەو گرنگییەكی زۆری بە جەژن و بۆنە نەتەوەییەكانی داوەو لە ڕێگەی شیعرەكانییەوە چالاكانە بەشداریی لەو بۆنانەدا كردوە.

زۆرجاریش شاعیر لە جیاتی وشەی نەورۆز (جەژنی دارو درەخت) یاخود بەتەنها وشەی (درەخت)ی بەكارهیناوە، وەک ڕەمزێک بۆ ناونیشانی شیعرەكانی، ئەویش لەبەر ئەو زەبرو زەنگەی دەسەڵاتدارانی ئەوكاتی عێراق بەرانبەر كوردو نەورۆز هەیبوە، نەیان دەتوانی بەئاسانی دەربارەی ئەو بۆنە كوردیە هیچ بڵێن. هەروەكو لە پارچە شیعری (بوكی درەخت) دەڵێت:

بووكی ڕازاوە لە هەردەو نزار
مەڵبەندت دەشت و لادێ و ناوشار
هامرازی ناڵەی بێدارانی شەو
بێ بەش لە ژین و تێر نەبوو لەخەو
ئاگاداری ڕاز، ڕازی كۆن و نوێ
لەژێر سیبەرتا كە داماو ئەنوێ
تارای سەوزو سوور ئەدەیت بەسەردا
شنەی لق و چڵ لە دەشت و دەردا (هەوری ١٩٥٩، ٦١)

كاتێک شـــاعیر دەبێتە ئاوێنەی ڕۆژگارەكەی و وێنەی بارودۆخی كۆمەڵگاكەی بە شـــیعر و چیرۆک دادەڕێژێت، دەتوانین وەكو مێژویەكی ڕاستەقینە لە شیعرەكانیدا بارودۆخی ئەو سەردەمەو ڕوداوەكان ببینین. كوردستان بە بارودۆخی جۆراوجۆردا تێپەڕبوە، میللەتی كورد توشـــی چەندەها نەهامەتی و دەربەدەری بوە تا گەشـــتۆتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. شـــاعیران و نوســـەران هەمیشـــە ئاوێنەی ســـەردەمەكەیانن و تێكەڵی كۆمەڵگاو كێشـــەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

گیروگرفتەكان دەبنەوە، لەم ڕووەوە هەوریش بە شـیعر و بە هەڵوێسـتی كرداری ئاوێنەیەكەو ئەو سـەردەمەمان پیشان دەدات، كە تیایدا ژیاوە.

بەپێی ئەو بارودۆخەی میللەت تیایدا دەژی لەهەر سـەردەمێكدا قوتابخانەیەكی ئەدەبی دیاریكراو سـەرهەڵدەدات، كە دەیەوێت گوزارشـت لەبارودۆخی ئەو سـەردەمە بكات. دیارە لەو قۆناغەدا ڕیزبەندی و چوارچێوەی قوتابخانەكانی ڕۆژئاوا لە ئەدەبی كوردیدا دیارینەكراوە، بەڵكو دواتر توێژەران و ڕەخنەگران ئەو بەرهەمانەیان بەپێی تایبەتمەندێتی قوتابخانەكان پۆلێنكردوە. هەوری لەو سـاڵانەی تەمەنیدا هەوڵیداوە ڕۆبچێتە ناو كۆمەڵگاو ئێش و ئازارو ڕوداوەكان بگوازێتەوە. ئەو هەمیشـە لە ململانێ چینایەتییەكاندا، كە چەندەها سـاڵ بەرۆكی میللەتی كوردی گرتبو، خۆی داوەتە پـاڵ بەرەی جوتیـاران و كرێكـاران و ڕوبەڕوی چەوسـێنەران و سـتەمكـاران وەسـتاوەتەوەو زیرەكانەو وشـیارانە بەسـتویەتیەوە بەكێشـەی ڕامیاری میللەتەكەیەوە. لەم ڕووەوە هەوری لە شیعری جەژنی ئایاردا دەڵێت :

جەژنی ئایارە كاكی كرێكار
پیرۆز لەتۆبێ و لەبرای جووتیار
پیرۆز لەتۆبێ و لەڕەنج بێوەران
چەوساوەی چینی ژێر باری گران
لەدەم هەورازی چەرخانی زوودا
لەگەڵ ڕەورەوەی پێچی مێژوودا
باری گرانی گەل بەشی تۆ بوو
كەچی لەماڵتا هەر ڕۆڵەڕۆ بوو (هەوری ٢٠٠٢، ١٥٠).

دەرەبەگ و ئاغا ناونیشانی گەلێک شیعر و چیرۆكن، چونكە واقعی تاڵی كۆمەڵگای كوردی بون. كاتێكیش شیعر دەبێتە ئاوێنەی ڕۆژگار، هەر ئەو بابەتانە بە ڕەنگ و بۆنی جیاوازەوە لە شیعرەكاندا بەرجەستەدەكرێن. لەم ڕووەوە "پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی (١٩٥٨)ی (عەبدولكەریم قاسم) بزوتنەوەو ڕاپەڕینێكی بەرفراوان دژی دەرەبەگەكان دەستی پێكرد و جوتیارە یاخیبوەكان لەسەرانەی دەیەک و موڵكانەو بێگاری سەرپێچیان دەكرد، دەستەو تاقمی گچكەی چەكداری قوتابیان و فەرمانبەرە گچكەكان و جوتیارە چالاكەكان بە گوندەكاندا دەسوڕانەوە و هەڕەشەیان لە دەرەبەگا دەكرد " (برونەسن ٢٠٠٣، ١٣٧) ئەم ڕوداوانە بونە هەوێنی سەدان شیعرو بابەتی ئەدەبیی جوان، كە پێگەی شیعری نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی لەناو ئەدەبی كوردیدا پتەو و بەهێز دەكەن. هەوریش سەبارەت بەم بابەتە شیعری هەیەو دەڵێت:

بۆیە كاروانی ژین بەرەو دوابوو
مژدە فریاد ڕەس ئەوا پەیدابوو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

ئەوا بەهێزی بیری دانایان
دروشمی بازوو وا هاتە مەیدان
بەتیری دەستی چینی زەحمەتكێش
برینی دوشمن بۆ مەرگ دێتە پێش
بەهێزی بازووی دەستەی ڕەنجبەران
نیشتیمان فرۆش ئەكرێت دەرد گران
هەر هێزی بازووی مەردانی دڵسۆز
ئەگات بەفریای نیشتیمان و هۆز (هەوری ٢٠٠٢، ١٥٠)

**تەوەری سێیەم : پێگەو ڕۆڵی هەوری لە بواری ڕوناكبیری و ئەدەبیی سەردەمەكەدا:-**

ئەگەر بمانەوێت لەبارەی ڕۆشنبیری هەر میللەتێک بدوێین، ئەوا پێویستە دو لایەنی گرنگی ڕۆشنبیری بخەینەڕو، كە بریتین لە قوتابخانە، لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارەكان (حوسـێن ٢٠٠٨، ٤٣). لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینێكی خێرا ئەوەمان بۆ دەردەخات، مێژوی كردنەوەی قوتابخانە لە شارەكانی باشوری كوردستاندا بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە. قوتابخانە خاڵی وەچەرخانی گەورەیە لە ژیانی خوێندەواران و ڕوناكبیرانی هەمو نەتەوەیەكدا، هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمی ڕۆشنبیری هەوریش، دەبێت چاوێكی ورد بە مێژوی ژیانیدا بخشێنین. وەكو باسمان كرد لەسەرەتای تەمەنیدا لە حوجرە لای باوكی خوێندنی دەست پێكردوەو لە پاشان لە تەمەنی دوانزە بۆ سیانزە ساڵیدا پاش كردنەوەی قوتابخانەی (زانستی كوردان) دەچێتە ئەو قوتابخانەیە "لەڕاستیدا ئەم قوتابخانەیە خزمەتی بێ هاوتای شاری سلێمانی كردوە، چونكە زۆر كەس بە گەورەیی فێری خوێندەواری كرد، ئەمە بێجگە لەوەی كە هەندێكیان تەمەنیان بە بەریەوە هەبو، كە لەسەر خوێندن بڕۆن و قوتابخانەی مامۆستایان و ئەندازیاری و جێگەی تریان تەواو كردو بون بە فەرمانبەری میری" (هەوری ٢٠٠٢، ٢٠٤)

هەوری پاش خوێندنی ساڵێک لەو قوتابخانەیە، دەچێتە قوتابخانەیەكی تر هەروەكو خۆی دەیگێڕێتەوە "لەساڵی (١٩٢٧) لە گەڕەكی دەرگەزێن لە ناوچەی (شیوی قازی) مەكتەبێكی دو پۆلی دەكرێتەوە، كە بە ڕەسمی پێیدەوترێت (مەكتەبی دوەم)، بەڵام لەناو خەڵكدا پێیان دەوت (مەكتەبی پەڕۆ) چونكە هەمو تەلەبەكانی جللی كوردیان لەبەردابو. پاشان ئەم مەكتەبە ناونرا (مەكتەبی ئەیوبی)، كە ئەو كات یەكێک لە مامۆستاكانمان شاعیری پایە بەرز مامۆستا (زێوەر) بو" (هەوری ٢٠٠٢، ٢٠٥)

هەوری قۆناغەكانی خوێندن دەبڕێت و لە ساڵی (١٩٣٧) دەبێتە قوتابی لەخانەی مامۆستایان لەبەغداد و پاشانیش پیشەی مامۆستا دەبێت تا خانەنیشین كردنی. بەم جۆرە هەوری هەمیشە خولیای خوێندن و فێربون بوە و هەر بەردەوام بوە لەسەری، وەک ڕۆشنبیرێكیش هەمیشە بەرەو پیری زانست و زانیاری چوە. ئەم ڕۆشنبیرییەی وای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

لێكردوە كەسێكی چاوكراوەبێت و هەمیشە ئاگاداری ئەو جموجۆڵە سیاسی و ئەدەبییانە بێت، كە لە كوردستان و دەرەوەی كوردستان ڕویانداوە و هەمیشە لە هەوڵی ڕۆشنبیركردنی نەتەوەی كوردا بوە.

سەرەڕای دواكەوتویی بیروبۆچونی گەورەكانی ناوخێزانەكان، كە خوێندن و منداڵ ناردنە بەر خوێندنیان بە نەنگی و كەموكورتی دەزانی لە قوتابخانەدا، تەنها ئەو خوێندنە نەبێت لە ناو مزگەوت و حوجرەكاندا دەخوێنرا. هەروەكو هەوری بۆمان دەگێڕێتەوە "بە چەند ساڵێك دوای ساڵی ١٩٢٥ من چومە مەكتەب ڕۆژێك لەگەڵ چەند هاوڕێیەكم گەیشتینە بەر تەسكاییەكەی بەردەمی شارەوانی لەپڕ زەبەلاحێك پەلاماری داین و منی گرت و هاوڕێكانم ڕایان كرد. بەڕاستی زۆر ترسام، چونكە دەمزانی هەرچەندە لێم بدات و ئازارم بدات كەس قسە ناكات چونكە ئەو غەزا دەكات. لە ڕاستیدا كە زانی زۆر دەترسم وتی مەترسە، لێت نادەم هەر پرسیارێك دەكەم، وەڵامم بدەرەوەو بڕۆ، وتم فەرمو، وتی: ڕاست دەكەن دەڵێن ئێوە دەست لە ئیشی خودا دەدەن و دەڵێن ئەرز خڕە و دەشجوڵێت، ئەی ئەگەر دەجوڵێت بۆچی دوكانەكەی من ڕۆژێك ڕوی بۆ لایەكی تر وەرناگەڕێت؟ لەوەڵامدا وتم درۆیە، ئێمە قەت قسەی واناڵێین دەستیش لە ئیشی خودا نادەین، وتی بڕۆ خودا بەقوربانی ئەقڵی خۆتت بكات " (هەوری ٢٠٠٢، ٢٠٣) لێرەدا مەبەستی هەوری ئەوەیە، قوتابی بوە لە قوتابخانەی زانستی كوردان هەر قوتابییەك لەوێ خویندبێتی وایانزانیوە فێری شت گەلێكی دەكەن، كە دەست تێوەردانە لەئیشی خودا. هەر لەم ڕووەوە هەوری هەمو ئاواتێكی ئەوە بوە هەمو منداڵێكی كورد ببینێت خوێندەوار بێت و وەكو منداڵانی دونیا چاوكراوە بێت، لە گۆشەی پەروەردە و فێربوندا شاعیرێكی ڕوناكبیر و مامۆستایەكی هاوچەرخی سەردەمەكەی بوەو توانیویەتی لە پەیامی ئامانجداری ئەدەبیات بگات.

لای شاعیر لە شیعردا تەنها ڕوخسار گرنگ نییە، ئەوەی گرنگترە ناوەڕۆكە، ناوەڕۆكیش دەبێت لە خزمەت گەل و كۆمەڵگاو نیشتیماندا بێت، ئامانجی هەوریش بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەو خۆشەویستی نیشتیمان بوە، واتە جگە لە فێركردن ئەركی گۆشكردی قوتابیان بوە بە خۆشەویستی خاك و نەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش زۆر سرودی نیشتیمانی بۆ لاوانی وڵات و قوتابییەكانی نوسیوەو كردونی بەدیاری بۆ منداڵانی كوردستان. بۆ نمونە لە سرودی (لاوی وڵات)دا، كە ساڵی (١٩٥٧) نوسیویەتی باسی گرنگی خوێندن دەكات و دەڵێت:

وەرە ئەی لاوی وڵات
لاوی ڕێی سەختی خەبات
پێت نیشاندەم ڕێگەی ژین
ژینی چەرخی بیستەمین
هەوڵ و ڕەوشت و خەبات
لەگەڵ خوێندن بۆ وڵات
خوێندن بە ڕەوشتی جوان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

هەوڵ بۆ سوودی هەمووان

بە هەوڵ و هێز و خەبات

وڵات بە ئامانج ئەگات (هەوری ٢٠٠٢، ١٤٥)

پەیامی شاعیر ڕون و ئاشکرایە، هەوڵدانە بۆ خزمەتکردنی نیشتیمان و دڵسۆزی بۆ گەل و نەتەوەو فەرمانکردنە بەخوێندن بێ جیاوازی ڕەگەز و دەوڵەمەند و هەژار، چونکە ئەوە مافێکی گشتییەو پێویستە هەموان پێیبگەن. هەر بۆیە لە سرودی (گۆرانی خوێندن)دا، کە ساڵی (١٩٥٦) نوسیویەتی، تیایدا هانی خوێندن دەدات و لەو بڕوایەدایە خوێندن دەبێتە هۆی چاندنی بیری ئازادی و کارکردن و تێکۆشان بۆ نیشتیمان و دەڵێت:-

ئێمە هەموومان براین

بۆ نیشتیمان وەک چراین

بێ جیاوازی دەخوێنین

بیری ئازادی ئەچێنین

کە خوێندنمان تەواو کرد

ڕوولەفرمان دەست و برد

فرمان بۆ بەرزی وەتەن

بەهێزی فیشک و بەدەن

خوێندەواری و تێکۆشان

بۆ بەرزێتی نیشتیمان (هەوری ١٩٥٩، ٢٤)

هەوری گرنگی بە پەروەردە داوەو بە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی کۆمەڵگای زانیوە بۆ زاڵبونی ڕاستییەکان بەسەر ئەفسانەو خورافیاتی پڕوپوچدا، کە جێگەی ڕاستییەکانی گرتۆتەوە، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت "زۆر گوێ ئەدەینە جۆر و شێوەی ژیانی ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ، منداڵ بەڕەنگێک بەخێودەکەین پەروەردەی دەکەین و فێری دەکەین دور لە خورافیات و شتی پڕو پوچ و بێجێ وەک ترساندنیان بە شەولەبان کە مەبەستیان باگردێنە، دایکی ئاڵ دەعبایەکی خەیاڵیە کە گوایە لەکاتی منداڵبوندا ئافرەت بێهۆش دەکات و منداڵەکەی دەخنکێنێت" (هەوری ٢٠٠٢، ٦٢)

پەیامی خوێندن و فێربون شاعیران یەک لەدوای یەک گەیاندویانە. هەمو هەوڵێکیان سەرکەوتن و ڕۆشنبیرکردنی میللەتی خۆیان بوە. بەلای هەورییەوە خوێندن نەک هەر بۆ ڕەگەزی نێر، بەڵکو بۆ ڕەگەزی مێش گرنگەو دەبێت ئەوانیش لەم بەهرەیە بێبەش نەکرێن، چونکە پییوایە بێبەشکردنی مێینە دەبێتە کێشەو گرفتێکی گەورە بۆ کۆمەڵگا، هەر بۆیە لەسەر زاری کچانەوە سرودی (ئێمە کچانی وردین) دەڵێت:

ئێمە کچانی وردین



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

نەوەی گۆران و کوردین
بۆ خزمەتی نیشتیمان
هەموو بەدەست و بردین
ڕەوشت و خووی شیرین
داوێنی پاکی و تەمکین
خوێندەواری و ئەدەب
بۆ کچ ئەمانەن نگین
گەر ئافرەت نەزان بێ
ناشێ ڕوو لەژیان بێ
یا لەڕیزی گەلابێ
ئەبێ بەشی نەمان بێ (هەوری ٢٠٠٢، ٦١)

هەوری هەربەوەوە ناوەستیت، کە گرنگی خوێندن و خوێندەواری بخاتەڕو، بەلکو لەزمانی قوتابیانەوە داوای پشتگیری و هاندان لە گەورەکانی کۆمەڵگا دەکات، کەچاوی خزمەتیان لێیانەوە بێت، چونکە ئەمانە هیواو ئومێد و پیاوی دوارۆژن پێویستیان بە هاندان و بەدەمەوەچون هەیەو پێویستە هەموان هانی قوتابیەکانیان بدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار لەسەر دەستی ئەم نەوە تازە پێگەیشتوانە دروست ببێت. لەشیعری (قوتابی دەڵێت) زیاتر ئەم هەڵوێستەیمان بۆ دەردەکەوێت.

ئێمە کە پیاوی دوارۆژی گەلین
بۆ پێگەیشتن چاوەڕێی هەلین
چاوتان لێمان بێت بە گیان و بەدڵ
چونکە وەک خونچە جێگەی ئەمەلین (هەوری ٢٠٠٢، ١٦٨)

هەوری ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بوە، ئاگاداری جیهانی دەرەوەش بوە ئەم پێگەیەشی لە گەڕان و چالاک بونی خودی خۆیەوە بوە، هاوکات غەمی میللەتی خۆی بوە، وەک دەبینین لە سەردانێکی بۆشاری (لەندەن)، کە بارودۆخی ئەوان دەبینێت بیری دواکەتوی و هەژاری و نەخوێندەواری میللەتی خۆی دەکەوێتەوەو بەراوردێک دەکات و شیعری (شیرینی لەندەن) دەنوسێت.

خوێندەوارانمان گەل ڕێ نیشاندەر
هەر کاڵای سوودی خۆیان وا لەبەر
نەخوێندەواریش کەساس و داماو
هەر ڕۆژێک بەفێڵێک ئەکەویتە داو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

ئافرەتی کۆن و نوێی نەخوێندەوار
ژین ئاژەڵ ئاسا پساوی ژێربار
خوێندەواریشیان بەبیانوو لە پیاو
دوو دەیی دەوێت یەک قبوڵ تەواو
منداڵمان پیس و چەپەڵ جوێن فرۆش
دایک نەزان و باوکوکان بێهۆش
ئێوەش هەمیشە دەم بە پێکەنین
بەرگ و خۆراکتان بە درێژایی ژین
سادە و کەم نرخ و لە عەیبە دوورن
ماڵتان ئاوایەو ڕەنگ ڕوومەت سوورن (هەوری ٢٠٠٢، ١٧١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

## ئەنجام :

لەم لێکۆڵینەوەیەماندا لە ئەنجامی خستنەڕوی و ژیان و هەڵوێست و شیعرەکانی هەورییەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-ڕوداوەکانی جیهان و کوردستان کارێکی زۆریان لەبیروبۆچونەکانی هەوری کردوە، لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، خۆشی وەکو کەسایەتیکی دیار تێکەڵ و بەشداری ڕوداوەکانی کردوە، چارەنوس و دواڕۆژی خۆی بەچارەنوسی نەتەوەکەی گرێداوە.

٢-هەوری ڕۆشنبیرو کوردێکی خاوەن هەڵوێست بوە، سەردەمەکەی گۆڕانی جۆربەجۆری بەخۆیەوە دیوە، بەڵام ئەو نەگۆڕاوەو لەسەر ڕێبازی خزمەتکردن بەردەوام بوە، هەمیشە لە هەوڵی وشیارکردنەوەی نەتەوەکەی خۆیدابوە.

٣-هەمیشە بە هۆشێکی کراوەو چاوێکی گەشەوە لە دیاردەکانی ڕوانیوە، توانیویەتی ئەزمون و لێکدانەوەکانی تێکەڵ بە ئەندێشە و سۆزبکات و بە زمانێکی شاعیرانە شیعرو وێنەی ڕەنگاوڕەنگمان لەو بابەتانە پێشکەش بکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29

# A.B Hawri`s poetic experience in Kurdish literature

**Mohammed Ameen Abdullah[1] - Diman Mohammed Salah[2]**

[1]Department of Kurdish Language, School of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Regional, Iraq.

[2]Department of Kurdish language, College of Education and Language, University of Charmo, Chamchamal, Kurdish Regional, Iraq.

**Abstract:**
As is obvious there are many famous poets in Kurdish literature their reputation crossed the borders to be familiar for the other nations, others for any reason couldn`t reach that level That is why focusing on the second group and paying attention to the products they have provided is acknowledged as scientific responsibility, because their product is a valuable Kurdish literature wealth and it`s very important to be preserved. from this point of view, we conducted this research entitled (A.B Hawri`s poetic experience in Kurdish literature),which is the contents of our master`s letter, we`ve highlighted the poet`s live, experience and products, as well as his interpretation and analysis of poetry because he believed that the content of poetry is more important than its form which is the same view that modern poets have about poetry ,he was one of the poets who followed the same innovation in poetry, also we studied his era political and social environment and we knew his perspective about that era`s events through poetry.The we highlighted the literature, intellectual period and his education stage which Hawri went through ,then himself as a teacher was in pursuit of upbringing and educating sons of this country.

**Keywords:** Hawry, Poetry, Poet, Study, Experience.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29**

## سەرچاوەکان

خەلیل عەبدولّا. (٢٠٢١). *چراکانی نیشتمان*. هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

د. مارف خەزنەدار. (٢٠٠٦). *مێژوی ئەدەبی کوردی*. هەولێر: چاپخانەی ئاراز.

د.هیمداد حوسێن. (٢٠٠٨). *ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی*. سلێمانی: شڤان.

ڕەمەزان لاوند. (٢٠١٠). جەنگی *جیهانی دوەم*. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

کامل ژیر. (٢٠٢٢/١/٩) چاوپێکەوتن، سلێمانی

مارتین ڤان برونەسن. (٢٠٠٣). *ئاغاو شێخ و دەوڵەت* (چوارەم ). هەولێر: کتێبخانەی سۆران.

مستەفا سالّح کەریم. (١٩٦٠). ١٤ گەلاوێژ. *ڕۆژی نوێ*، ١.

هەوری. (١٩٥٦). *ئازارو ئاوات*. بەغداد: چاپخانەی سلمان الاعزمی.

هەوری. (١٩٥٩). *بەرهەمی خەبات*. بغداد: النجاح.

هەوری. (١٩٦٠). شعری ئیمپریالیزم. *ژین* (١٥٠٦)، ٤.

هەوری. (١٩٧٥). *شیعری کۆن و نوێ*. سلێمانی: چاپخانەی کامەران.

هەوری. (١٩٧٨). چیرۆکی *بێناو لە بەردەم چرای ڕوناکی ڕوداودا*. سلێمانی: چاپخانەی کامەرانی.

هەوری. (٢٠٠٢). *بەرهەمی خەبات*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper29**